

# لێکترازانی خێزانیی کۆچبەران لە دەرەوەی وڵات خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزانیی پەناخواز و پەنابەران لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان و لەو وڵاتانەدا کە مافی هاووڵاتیبوون وەردەگرن، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، ئەو هاوکێشەیەش کوردەکانی تاراوگەی لێ بەدەر نییە و ئەوانیش ژمارەیەکی زۆریان تووشی ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییە بوون، کە دەکرێت بڵێین لە حاڵەت دەرچووە و بووەتە دیاردە، ئەوەش بووەتە جێگای پرسیار بۆ زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە ئاخۆ دەبێ هۆکارەکانی چی بن؟ ئایا دروستبوونی پارادۆکسێك لە نێوان کەلتووری خۆجێیی و کەلتووری بیانیدا هۆکاری زیادبوونی جیابوونەوەی هاوسەرانە لە هەندەران، یان میکانیزمێکی دیکەی لە پشتە و ئازادییەکان و یاسا کارئاسانی بۆ ئەو دیاردەیە کردووە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لەیلا دیوبەند وەك چالاکێکی مەدەنی سەبارەت بەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە دەبنە هۆی جیابوونەوەی هاوسەران لە دەرەوەی وڵات، دەڵێت: «جیابوونەوەی هاوسەرانی پەنابەر لە دەرەوەی وڵات، سەرچاوەکەی هەمان ئەو کێشە و گیروگرفتانەن کە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵات بە شێوەی بەرچاو بوونی هەیە، من پێم وایە جیابوونەوەی دوو کەس کە ناتوانن لانیکەم ئاسوودەییەکی رۆحی لە نێوان خۆیاندا جێگیر بکەن، دیاردەیەکی ئاسایی و بەجێیە، ئەوەی نائاساییە شێوازی جیابوونەوەکان و ناوەڕۆکی ئەو کێشانەن کە پرۆسەی هاوسەرگیری و پیرۆزییەکانی خێزانی خەوشدار کردووە، لە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، هەر وەك چۆن پرۆسەی هاوسەرگیری دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتییە، بە هەمان شێوە جیابوونەوەش درێژەی ئەو پرسەیەو وەك دیاردەیەکی ئاسایی چاوی لێدەکرێ، لە راستیدا لە وڵاتانی رۆژئاوادا لە کاتی جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر، نە بارێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی پیاوەکە، نە بە هیچ رادەیەك لە ئیعتیبار و کەرامەتی ئینسانیی ژنەکە کەم دەبێتەوە.»

ئەو چالاکی مەدەنییە کە خۆی و خێزانەکەی وەك پەنابەر لە وڵاتی ئەڵمانیا گیرساونەتەوە، رایوایە: «هۆکارەکانی جیابوونەوە لە نێوان هاوسەرە ئەوروپییەکان زیاتر هۆکاری سۆزداری، یان لێکنەگەیشتنی دوو هاوسەرە لە چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، واتە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی، یان ئایینی و تەنانەت پرس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ئازادییەکانی تاکەوە نییە، هەروەها پەیوەندی بە ئاداب و رسووم و کەلتوورە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەر جیابوونەوەیەکیش رووبدات، لە راستیدا وەك رووداوێکی کۆمەڵایەتیی سۆزداریی نێوان دوو کەسە سەیر دەکرێت و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی تێپەڕ دەبێت، بەڵام بەداخەوە بەشێك لەو خێزانە کوردانەی بە هەر هۆکارێك روو لە هەندەران دەکەن، بە هەمان نەفەس و بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ژینگەی کۆنی خۆیانەوە درێژە بە ژیان لەو وڵاتانەدا دەدەن، لەم حاڵەتەدا پارادۆکسێك لە نێوان کەلتووری خۆجێیی و کەلتووری واقعدا دێتە گۆڕێ، واتە وڵاتێك لێوانلێو لە ئازادیی تاك و هاوکات میکانیزمێکی بەهێزی یاسایی و کەلتووری لە پشتە، لە لایەکیترەوە بەشێك لە ئافرەتانی کورد لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ئایینی و کەلتووریدا دەبەسترێنەوە و بە هەمان شێوازی شەرقی هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، لێرەدایە کە تەقینەوەیەکی پەنگخواردووی لەمێژینە روو دەدات، ئاکامی ئەو تەقینەوەیەش بێگومان دەرەنجامی دڵتەزێن و ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، لە راستیدا زۆر جار جگە لەوەی خێزانەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکوو هەردوو رەگەزەکە و منداڵەکانیش دەبنە قوربانیی ئەو بارودۆخە. بۆیە من سێ هۆکاری سەرەکی لەو بابەتەدا دەبینم؛ سەرەتا گۆڕینی جوغرافیای کەلتووری و یاسایی، دواتر درێژەدان بە رۆحی پیاوسالاری لەلایەن پیاوەکان و قبووڵنەکردنی راستییەکان، واتە داننەنان بە مافە ئینسانی و رەواکانی ژنان و پاشان ئاڵوگۆڕی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی ئافرەت. ئەم سێ خاڵە لە راستیدا هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەی هاوسەرانن کە بە شێوەیەکی ناشارستانی لە یەکتر جیا دەبنەوە و رەنگە ئەگەر یاسا رێگرییان لێ نەکات، بیانەوێت ئازاری یەکتریش بدەن.»

نووسەری دوورە وڵات شەیدا بڵباس، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە تاك بۆ جووت، ئینجا خێزان لە کۆمەڵگە دروست دەبێت. دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا کە بەرەو شارستانیەت هەنگاوی هەڵێنا، مەسەلەی خێزان بەرەو کاڵبوونەوە، لێکترازان و پەرتەوازەیی رۆیشت و شپرزەیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی تاکی کۆمەڵ لە وڵاتانی رۆژئاوا بڕوایان بە دروستکردنی خێزان و خێزانداریێتی نەماوە، ئەوەش کێشەو گرفتێکی بەرچاوە؛ واتە زیاتر بە بێ گرێبەستی یاسایی پێکەوە دەژین، زۆر جاریش لە یەکتر جیا دەبنەوە و هاوژیانێکی دیکە دەدۆزنەوە، یان دەبینین پیاو چەند جار ژنی هێناوە، یان ژن چەند جار شووی کردووە، زۆرینەی خەڵکیش ئەمە وەکو قۆناغێکی بەسەرچوو لەبەرچاو دەگرن و چیتر بڕوایان بەوە نییە،کە تاك گیرۆدە و وابەستە بێت. دیارە ئەگەر دیاردەی خێزانیش تا رادەیەك مابێت، ئەوا ئەندامانی خێزانەکە هەرکەسەو پەرتەوازەی لایەك بووە، ئەم دیاردەیەش هۆکاری زۆری لەپشتە، لەوانەیە وازهێنان لە ئایین، ئازادیی بەرفراوانی تاك، یان باری ئابووری و داهاتی سەربەخۆ وای لە تاك کردبێت، بەرەو ئەو ئاقارەی ببات، لە زۆربەی ئەو پەیوەندییە هاوسەرییانەشدا رێگری لە دروستبوونی منداڵ دەکەن، ئەمەش نەهامەتییەکی گەورەیە، هەر بۆیە رێژەی زاوزێ و زیادبوونی نەوەکانیان لە کزیدایە، کە لە ئێستادا وڵاتانی ئەوروپا بە وڵاتانی پیر ناو دەبرێن، جا بۆیە ئەو وڵاتانە هەمیشە پێویستییان بە هێزی کار و گەنج هەیە کە لە دەرەوەی بێنن. هەروەها بە هۆی ئەو کۆڕەوییەی جیهانی سێیەم بەرەو تاراوگە و هەڵکشانیان بۆ ئەوروپا، دیاردەی زۆربوونی سەرژمێری

لە وڵاتانی رۆژئاوادا لە کاتی جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر، نە بارێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی پیاوەکە، نە بە هیچ رادەیەك لە ئیعتیبار و کەرامەتی ئینسانیی ژنەکە کەم دەبێتەوە

هۆکارەکانی جیابوونەوە لە نێوان هاوسەرە ئەوروپییەکان زیاتر هۆکاری سۆزداری، یان لێکنەگەیشتنی دوو هاوسەرە لە چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نەك جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی، یان ئایینی

بەشێك لەو خێزانە کوردانەی بە هەر هۆکارێك روو لە هەندەران دەکەن، بە هەمان نەفەس و بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ژینگەی کۆنی خۆیانەوە درێژە بە ژیان لەو وڵاتانەدا دەدەن

خێزان لە کۆمەڵگەی پێشەسازی لە قەبارەیەکی بچووکدان، لەوانەیە لە دوو منداڵ تێپەڕ نەکات. هەرچەندە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو کە سەگ و پشیلە لە زۆر خێزاندا جێگەی منداڵی گرتووەتەوە



دانیشتووان (دیمۆگرافی-ئیتنیك) گۆڕانی بەسەردا دێت و، ڕێژەی موسڵمانان زیاد دەکات، کە لەوانەیە لاسەنگی لە ئایینی مەسیحیی ئەوان دروست بکات، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی خێزان لە کۆمەڵگەی پیشەسازی لە قەبارەیەکی بچووکدان، لەوانەیە لە دوو منداڵ تێپەڕ نەکات. هەرچەندە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو کە سەگ و پشیلە لە زۆر خێزاندا جێگەی منداڵی گرتووەتەوە.

ڕەجەب حاجی ڕەجەب، کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی ئەکادیمیای پارتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەم قۆناغەدا واتە لەکاتی گیرسانەوە لە وڵاتێکی دیکەدا، زۆر جار لە نێوان هاوسەراندا ساردی و سڕی دروست دەبێت، هۆکارەکەشی زیاتر ئەوەیە کە پیاو لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەوە هاتووە و خۆی پێ بەهێزترە و گوشاری دەروونی دەخاتە سەر هاوسەرەکەی، هاوسەرەکەشی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە لێی قبووڵ نەکات.» گوتیشی: «لەوانەیە ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر بێتەئاراوە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە مافی تاکەکان یەکسانە، پیاو چۆن دەتوانێت لەگەڵ ژن توندوتیژی بنوێنێت؟ لە وڵامدا پێویستە ئاماژە بە پەروەردەی ژنی کوردیش بکرێت کە پاشخانی کۆمەڵایەتیی ژن بنەمایەکی نەریتی پتەوە بۆ بێدەنگبوونی، بۆ پاراستنی ژیانی هاوبەشی. هەروەها تاکێك کە لە کۆمەڵگە، یان بنەماڵەیەکەوە هاتبێت کە توندوتیژی تێدا باو بووە، ئەوەندە ئاگاداری مافەکانی ژن نییە و ئەو شێوە هەڵسوکەوتە بە بەشێك لە ڕەوتی ئاسایی ژیان دەزانێت. بۆیە زۆربەی ژنان لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەمێننەوە، بەو هیوایە کە ئەم ڕەوتە بەرەو کۆتایی دەچێت و پاش وەرگرتنی مافی پەنابەری ژیانێکی ئارام دەست پێ دەکەنەوە و درێژە بە ژیان دەدەن. بەڵام یاسا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بە شێوەی یەکسان لە هەردوو ڕەگەز دەڕوانێت و بە خۆشحاڵییەوە یاسا پارێزەری مافی ژنانە، هاوکات لە ڕووی ئابوورییەوە ژن لە وڵاتانی ئەورووپیدا چیتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی پەیوەست بە پیاو نییە و دڵەڕاوکێ و ترس ناچاری ناکات هەموو توندوتیژییەك لە پیاو قبووڵ بکات. واتا ژن لە پاش جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی دەتوانێت بە یارمەتی سۆشیال زۆر بە سانایی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و منداڵەکانیشی بە باشی پەروەردە بکات و ژیانی بەڕێوەببات، بێ ئەوەی قسە و قسەڵۆکی لە دوا بکرێت، پیاوێك کە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەوە هاتووە بۆ وڵاتێکی ئازاد و کراوەتر و درێژە بە هەمان نەریتی چەوتی کۆمەڵگەی خۆی دەدات و ژن بە چاوی خزمەتکارێك دەبینێت، پەلاماری ژن و منداڵەکەی خۆی دەدات وماڵەکەی دەکات بە مۆڵگەی شەڕ و نائاسوودەیی، ئەوانە وادەکات هاوسەرەکەی لێی دوور بکەوێتەوە.» هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «کۆمەڵگەی کوردی وەك هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی دوو چەمکی» ئایین و کولتوورە». زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی موسڵمانن و کۆمەڵگەیەکی موسڵمانیش، پیاوسالارە. واتە پیاو فەرمان دەر دەکات و ژن پێویستە جێبەجێی بکات، پاش پێکهێنانی ژیانیش، ژنان ئەرکێکی قورس دەخرێتە سەرشانیان و ئەویش خێزانداری و ماڵدارییە. بەداخەوە لە باری کولتوورییشەوە، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داخراو و گرێدراو بە نەریتە پیاوسالارییەکانە، بۆیە تەنانەت ئەوانەی غەیرەموسڵمانن، یان باوەڕیان بە هیچ ئایینێکیش نییە، دیسانەوە بە جۆرێك ئەم نەریتەیان پەسەند کردووە. هەر بۆیە ژیان لە وڵاتانی یاسامەند و ئازاد بۆ ئەم دەستەیە لە بنەماڵەی کوردی دژوارە. لێرەوەیە کاتێك بنەماڵەیەکی کورد سەفەری وڵاتێکی ئازاد دەکات کە لەودا مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت مافی خێزان پارێزراوە، لەگەڵ کێشە و ململانێی ژیان بەرەوڕوو دەبن و لە ئاکامدا پەنادەبەنە بەر جیابوونەوە، هۆکارێکیتری ئەم کێشەیە خراپ کەڵکوەرگرتنی ژنانە لەو دەرفەتانە، واتە هەندێك لە ژنانیش بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هەستی پیاوەکەیان بکەن، بە جۆرێکیتر ئەو ئازادییە دەقۆزنەوە کە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواری یەك ناگرێتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە جیابوونەوەی هاوسەران بەدوای خۆیدا دەهێنێت.»

**ژن لە وڵاتانی ئەورووپیدا چیتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی پەیوەست بە پیاو نییە و دڵەڕاوکێ و ترس ناچاری ناکات هەموو توندوتیژییەک لە پیاو قبووڵ بکات. واتا ژن لە پاش جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی دەتوانێت بە یارمەتی سۆشیال زۆر بە سانایی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و منداڵەکانیشی بە باشی پەروەردە بکات**

**هەندێک لە ژنانیش بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هەستی پیاوەکەیان بکەن، بە جۆرێکیتر ئەو ئازادییە دەقۆزنەوە کە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواری یەک ناگرێتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە جیابوونەوەی هاوسەران بەدوای خۆیدا دەهێنێت**



# کچێک کە سەرپەرشتیی سێ منداڵی بێ دایکە، داوای هاوکاری و یارمەتی لە خێرخوازان دەکات

هەر کەسێك ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش لە خانەی بێ سەرپەرشتان ژیابێت، زۆر بە باشی لە ئازاری ئەو منداڵانە تێدەگات، کە لە نازی دایك و باوك بێبەش کراون. کچێکی کوردی دانیشتووی هەولێر کە ئەو ئەزموونەی تاقی کردووەتەوە، دوای ئەوەی ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆی دروست دەکات، بەخێوکردنی سێ منداڵی پووری خۆی کە بابیان دوای کۆچی دایکیان، بە خانەی بێ سەرپەرشتانی سپاردوون، لە ئەستۆ دەگرێت. ئەو کچە بەسەرهاتی خۆی و منداڵەکانی پووری کە لە ئێستادا دایکایەتییان بۆ دەکات، بۆ گۆڤاری گولان دەگێڕێتەوە و، داوا لە بەرپرسان و خەڵکی خێرخوازیش دەکات، بۆ چارەسەری یەکێك لەو منداڵانە کە تووشی نەخۆشیی وەستانی گەشە بووە، هاوکاری بکەن.

گولان: کۆمەڵایەتی

کچێکی تەمەن ٣٢ ساڵانە و لە یەکێك لە مارکێتەکانی شاری هەولێر کاردەکات، خۆی بە «بەهار» دەناسێنێت. وەك خۆی باسی دەکات، دایك و باوکی لە ژیاندا نەماون، ماوەیەك لە خانەی بێ سەرپەرشتاندا ژیاوە و لە نزیکەوە هەست بە ئازارەکانی ئەو منداڵانە دەکات کە لەو شوێنانەدا پەروەردە دەکرێن.

لە ئێستادا ئەو خانمێکی خاوەن داهاتی سەربەخۆیە و ئەگەرچی لە خانوویەکی بەکرێدا دەژی و داهاتێکی زۆری نییە، لەگەڵ ئەوەشدا شانی داوەتە ژێر بارێکی قورس و دایکایەتی بۆ سێ منداڵی پووری (خوشکی دایکی) دەکات، کە ساڵی پار بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەست داوە و لە دوای خۆی دوو کچ و کوڕێکی بەجێ هێشتووە کە تەمەنی گەورەکەیان تەنیا ١١ ساڵە و باوکیشیان هیچ هەواڵێکی ئەو منداڵانە ناپرسێت.

بەهار لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا ژیانی هاوسەری و دایکایەتی تاقی نەکردووەتەوە، بەڵام لە ئێستادا سەرپەرشتی سێ منداڵی لێ قەوماو دەکات، ئەوەش باری گوزەرانی زۆر قورس کردووە. با لەسەر زاری خۆیەوە گوێ لە ئازارەکانی ژیانی بگرین، هەتا ئەوەی پێمان دەکرێت، بۆی بکەین و بە هاوکارییەکی کەم تا زۆر بەشێك لە ئەرك و مەینەتییەکانی سووك بکەین.

بەهار بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی و ئەو سێ منداڵە بێتاوانە دەکات: « پوورم کە دەکاتە خوشکی دایکم، ساڵی پار بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. دوای خۆی سێ منداڵی بەجێهێشت، بەڵام باوکی منداڵەکان لە بری ئەوەی منداڵەکانی لە خۆی بگرێت و هەوڵ بدات جێی دایکیان پڕ بکاتەوە، بەپەلە ژنی دووەمی هێنا و منداڵەکانی بۆ خانەی بێ سەرپەرشتان برد. پوورم بەر ڕەحمەتی خوای گەورە بکەوێت، نەخۆشییەکی کوشندەی گرت و دەیزانی تەمەنێکی ئەوتۆی نەماوە، منیش زوو زوو سەردانم دەکرد و دواجار بەر لەوەی بۆ هەمیشە ماڵاوایی بکات، پوورم منداڵەکانی ئامانەتی من کرد و گوتی: تۆ خوا ئاگات لەو منداڵانە بێت، چونکە دەزانم باوکیان زۆر کەمتەرخەمە و هیچ حیسابیان بۆ ناکات. منیش هەر دڵم دەدایەوە و دەمگوت: خۆ زڕباب نییە، چۆن حیساب بۆ منداڵی خۆی ناکات. ئەوەندە خەمی لێ مەخۆ، ئینشاڵا خوای گەورە شیفات دەدات..
بەڵام پوورم کۆچی دوایی کرد و قسەکانیشی ڕاست دەرچوون، چونکە هاوسەرەکەی بە پەلە ژنی دووەمی هێنا و منداڵەکانیشی ناردە خانەی بێ سەرپەرشتان و تا ئێستاش هیچ هەواڵێکی ئەو منداڵانە ناپرسێت.»

بەهار بە خەمبارییەکی زۆرەوە درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو منداڵانە دەدات و پەیتا پەیتا فرمێسکەکانی بە گۆشەی لەچکەکەی دەسڕێتەوە.



**پوورم منداڵەکانی ئامانەتی من کرد و گوتی: تۆ خوا ئاگات لەو منداڵانە بێت، چونکە دەزانم باوکیان زۆر کەمتەرخەمە و هیچ حیسابیان بۆ ناکات**

**کچە گەورەکەیان تووشی نەخۆشیی وەستانی گەشەکردن بووە، بۆ چارەسەری پزیشکی مانگانە دوو دەرزی هەیە، کە نرخی هەر دەرزییەک ١٥٠ هەزار دینارە، ئەوەش بە من دابین ناکرێت**

**پێویستە ڕێکخراوەکانی منداڵان و ژنان هاوکاری ئەو کەسانە بکەن، چونکە ناکرێ ئەو کچە تا کۆتایی ژیانی ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شان بێت**

ئەو خانمە فیداکارە باسی ئەوە دەکات کە دابینکردنی ژیانی خۆی بە تەنیا، کارێکی قورس نەبووە، لە بەر ئەوەی کرێچی ماڵی خزمی خۆیان بووە و داهاتەکەی بەشی بژێوی ڕۆژانەی کردووە، بەڵام دوای هێنانی منداڵەکان بۆ لای خۆی باری ژیانی زۆر قورستر بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من مووچەکەم تەنیا ٤٠٠ هەزار دینارە کە ٢٠٠ هەزاری دەدەمە کرێ خانوو، ٢٠٠ هەزارەکەی دیکەشی نیوەی زیاتری بە کرێی هاتوچۆ دەڕوات، ماوەی شەش مانگیشە منداڵەکانی پوورم هێناوەتەوە لای خۆم و بەخێویان دەکەم، هاوکات لە خوێندنیش بەردەوامن، زۆرجار داوام لە باوکەکەیان کردووە، منداڵەکان بگرێتە خۆی، چونکە ئەوان زۆر پێویستیان بە ناز و چاودێری باوکیانە، سەرباری هەموو ناخۆشییەکانیان ئێستا کچە گەورەکەیان تووشی نەخۆشیی وەستانی گەشەکردن بووە، بۆ چارەسەری پزیشکی مانگانە دوو دەرزی هەیە، کە نرخی هەر دەرزییەك ١٥٠ هەزار دینارە، ئەوەش بە من دابین ناکرێت، بۆیە ڕۆژێك منداڵەکانم برد بۆ لای باوکیان و نەخۆشیی کچەکەیم بۆ باس کرد، کەچی دەری کردین و گوتی: هیچ پارەم نییە و ئەوەندەش مەیانهێنە بۆ لای من، با ڕەحم بۆیان نەجووڵێت.»

بێگومان ژمارەی ئەو پیاوانە کەم نییە، کە بە هۆکار و پاساوی جیاواز منداڵەکانی خۆیان بە دەستی قەدەر دەسپێرن و هیچ ئاوڕێکیان لێ نادەنەوە. بەتایبەتی دوای کۆچی دوایی هاوسەریان، مێردی پووری بەهاریش یەکێکە لەو دەیان پیاوەی کە لەو پەڕی کەمتەرخەمیدا پەپوولە چاوگەشەکانی بە چارەنووسێکی نادیار دەسپێرێت.

سالار تاوەگۆزی، نووسەر و مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بەو بەسەرهاتەی بەهار دەڵێت: «پێویستە ڕێکخراوەکانی منداڵان و ژنان هاوکاری ئەو کەسانە بکەن، چونکە ناکرێ ئەو کچە تا کۆتایی ژیانی ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شان بێت. دڵنیام ئەگەر ئێستا ئەو باوکە بدوێنین، کۆمەڵێ هۆکار و پاساوی خۆی باس دەکات. هاوکات لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە نییە، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە فیترەتەوە حەزیان لە کاری باشە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی ئەو پیاوە دەیکات، نەك کارێکی باش نییە، بگرە دوورە لە بەرپرسیارییەتی و باوکایەتی، لەوانەشە پاساوی گەورەی تەنیا ئەوە بێت کە هاوسەرە تازەکەی ئامادە نییە منداڵەکانی بەخێو بکات.» گوتیشی: «حاڵەتی لەمجۆرەمان زۆرە، هەروەها بەشێك لە پیاوان هەستی بەرپرسیارێتیان نییە و خۆیان لە کێشە و گرفتی منداڵ بە خاوەن ناکەن. بەپێچەوانەوە ئافرەتان لە بەرامبەر ئەرکەکانیان خۆیان زیاتر بە بەرپرس دەزانن و زۆربەی ئافرەتان ئامادەن بەبێ بوونی باوکیش، سەرپەرشتیی منداڵ لە ئەستۆ بگرن و بەخێویان بکەن.»

ئیراد منوچەر، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەبارەت هەمان پرس دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نموونەی بەهارەکان زۆرن، کە خوبەخشانە کاردەکەن بۆ ئەوەی شیرازەی خێزانی تێك نەچێت و منداڵەکان بێ سەرپەرشت نەکرێن، پشکی شێریش لەو قوربانیدانە بەر ڕەگەزی مێ دەکەوێت، کە وەك ژن دوای مردنی هاوسەرەکەی، بە دەگمەن هاوسەرگیری دەکاتەوە و بەرپرسیارێتی بەرامبەر منداڵ ئەولەوییەتی بڕیارەکانی دەبێت و بەخێوکردنی منداڵەکانی لە سەرووی هەموو حەز و ئاواتەکانی دادەنێت. یان هەر کچە و بڕیارە دەدات، هاوسەرگیری نەکات و باوك، یان دایکی، یان هەردووکیان کە پەککەوتە دەبن، بەخێویان دەکات و چاودێرییان دەکات. » گوتیشی: «بێگومان لەبەر ئەوەی یاساکانی پاراستنی منداڵ و ئافرەتان زۆر ئەکتیڤ نین، لەم ڕوانگەیەوە زۆر منداڵ و ئافرەت باجی گەورە دەدەن، چونکە دوو توێژی بێدەسەڵاتن، ڕێگەی چارەسەریش ئەوەیە کە دەبێت بە یاسا دەسەڵاتیان بۆ بگێڕدرێتەوە، هەروەها دەبێت بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بەهار و هاوشێوەکانی هەبێت و ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە منداڵی بێ سەرپەرشت دەگرێتە خۆی و دەبێت جگە لە دەستخۆشی، لە ڕووی ماددی و مەعنەوییشەوە پشتیوانی لێ بکرێت، چونکە وابڕوات بەرپرسیارێتییەکەی بەهار تاقەتپڕووکێنە و ناتوانێت شان بداتە ژێر باری ئەو تێچووە داراییە قورسە کە ژیانی خۆیشی دەخاتە مەترسییەوە. پێویستە ڕەچاوی ئەوەش بکرێت، کە ناکرێت دایك و باوك لە بەر هەر هۆیەك بێت، منداڵەکانیان بەدوور بگرن لەژێر چاودێریی خۆیان، پێویستە یاسایەك هەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات و ئەرکی گرتنە ئەستۆی دارایی بسەپێنێت بە سەریاندا بەپێی داهاتی خێزانەکە و دەبێت حسابێك بۆ چارەنووس و داهاتووی ئەو منداڵانە بکرێت.»

لە کۆتایی ئەم چیرۆکە دڵتەزێنەدا ماوە بگوترێ: ناوی تەواوی بەهار لە گۆڤاری گوڵان پارێزراوە و هەر کەسێك بیەوێت یارمەتی بدات و هاوکاریی بکات، گوڵان ئاسانکاری بۆ دەکات. لە بەر ئەوەی باوەڕی گوڵان وایە: هەر مینبەرێکی ڕاگەیاندن جگە لە بایەخدان بە فکر و سیاسەت، پێویستە ئاوڕی جددی لە ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانیش بداتەوە.

**ئافرەتان لە بەرامبەر ئەرکەکانیان خۆیان زیاتر بە بەرپرس دەزانن و زۆربەی ئافرەتن ئامادەن بەبێ بوونی باوکیش، سەرپەرشتیی منداڵ لە ئەستۆ بگرن و بەخێویان بکەن**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نموونەی بەهارەکان زۆرن، کە خوبەخشانە کاردەکەن بۆ ئەوەی شیرازەی خێزانی تێک نەچێت و منداڵەکان بێ سەرپەرشت نەکرێن**

**پشکی شێر لەو قوربانیدانە بەر ڕەگەزی مێ دەکەوێت، کە وەک ژن دوای مردنی هاوسەرەکەی، بە دەگمەن هاوسەرگیری دەکاتەوە و بەرپرسیارێتی بەرامبەر منداڵ ئەولەوییەتی بڕیارەکانی دەبێت**